# راستگۆیی نووسەرو رۆژنامەنووس

**گۆران فەتحی**

رۆژنامەنووسی بەتایبەت لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991ەوە لەکوردستاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان پەرەی سەندووەو تا ئێستا سەدان رۆژنامەو گۆڤار دەرچوون‌و رێژەیەکی باشیش لەو رۆژنامەو گۆڤارانە بەردەوام بوونە لەسەر دەرچوون.

ئێمە لێرەدا باس لەسەر زۆری رۆژنامەو گۆڤار ناکەین لەکوردستانی عێراقدا بەڵکو لایەنێکی تر باس دەکەین کە ئەویش راستگۆییە لەنووسیندا..کە بێگومان رێژەیەکی زۆر نووسەرو رۆژنامەنووس‌و...هتد راستگۆیانە نانووسن..ئەمەش زۆر زەق بەدەردەکەوێت لەکوردستاندا..بێگومان ئەمە لەعێراق‌و ولاتانی تریشدا بەرچاو دەکەوێت..بەڵام لێرە بەشێوەیەکی زۆرتر.

زۆر رۆژنامەنووس هەیە کاتێك دەنووسێت کە فەرمانی پێ بکرێت یان داوای لێبکرێت‌و چیٚ پیٚ بووترێت ئەوە دەنووسیت، هەروەها چەندین نووسەرو رۆژنامەنووس هەیە ئەوەی دەینووسن خودی خۆیان بڕوایان پێی نییە یان راستگۆیانە لەسەر شتەکان نانووسن، ئەمەو شاعیریشمان هەیە لەسەر پاکی‌و دڵسۆزی‌و وەفاو چەندین بەهای تر ئەنووسێت لەگەڵ ئەوەی هیچ لەو بەهایانە لەخودی خۆیدا نییە یان هیچ ئاوێنەی خودی ناخی خۆی نییە.

نموونەشمان لەسەر ئەو نووسەرو رۆژنامەنووس‌و هەروەها ئەو شێوازە نووسینانەش زۆرە، رۆژنامەنووس هەیە کە رەنگە چەندین جار ئەرزەی وەرگرتبێت بەڵام بەئێستاشەوە هەر کاتێك ئەرزە دابەش بکرێت‌و ناوی ئەوی تێدا نەبێت ئەوە دەیکات بەهەڵلاو دەکەوێتە رەخنەگرتن‌و دنیا تێك دەدات‌و دەڵێت تەنها من رۆژنامەنووسم چۆن دەبێت ناوی منی تێدا نەبێت. بێگومان رەخنە ئەگەر راست بێت‌و ئەو کەسە لەسەر هەق بێت یان هەقی خورابێت ئەوە بێگومان دەبێت پشتگیری بکرێت بەڵام ئەگەر بێچەوانە بوو نەخێر.

هەروەها چەندین رۆژنامەنووس‌و نووسەرمان هەیە بۆنەو کارەساتەکان‌و هەر رووداوێکی تری کوردستانیان بەردەستکەوتبێت کردوویانەتە هەوێنی نووسینەکانیان بەڵام ئەوە تەنها بۆ پێشخستن‌و قازانجی خۆیان بووە نەك لەبەر ئەوەی ئەو رووداوو کارەساتانەی بەسەر کورددا هاتوون چونکە دەزانن بەو شێوازە نوسینانە پێش دەکەون.

رۆژنامەنووس‌و یان نووسەر هەیە ئێمە ناڵێین نیمچە نووسەرو رۆژنامەنووس! تەنها چەند بابەتێکی هەیە کە لەژمارەکانی دەست تێناپەڕێت‌و رەنگە سوودێکی واشیان نەبووبێت بۆ هیچ شتێك بەڵام کاتێك دەنووسن‌و رەخنە دەگرن تەڕو ووشك دەسووتێنن‌و خۆیان بەهیچ رۆژنامەنووسێکی گەورەی نەك تەنها کورد بەڵکو عەرەب‌و جیهانیش ناگۆڕنەوە.

کێشەکە لەوەدایە کاری رۆژنامەنووسی لای خۆمان ئەوەندە بەسەقەتی رۆیشتووە کەسی واهەیە کە هیچ باگگراوندێکی رۆشنبیری لەپشتەوە نییەو ناوی زل کراوە بەهۆی ئەو دام‌و دەزگایانەی ئیشی تێدا دەکات کە بێگومان لای هاوڵاتیان ناوی هەر بچوکە.. ئەو دەزگایانەش تەنها ئەو ناوانە زل ئەکەن کە خۆیان بەخێوی دەکەن چونکە دەیانەوێت بەگوێرەی دڵی خۆیان بنووسێت..ئەی مەعقولە رۆژنامەنووس هەیە دوو ووشە عەرەبی نازانێت بەڵام گۆشەو ستوونی عەرەبی لەرۆژنامە عەرەبیەکاندا بەناوەوە دادەبەزێت، لێرەدا چەندین کێشەی تریش هەیە کە لەم گۆشەیەدا جێگای نابێتەوە بەڵام ئەمە ئەوە دەردەخات ئەو سیستمی رۆژنامەنووسییەی لێرەدا لەکوردستان هەیە خۆی رۆژنامەنووسێك دروست دەکات کە هەردەم راستگۆ نەبێت لەنووسینەکانیدا بۆ ئەوەی هەردەم لەژێر رکێفی دەسەڵات‌و دام‌و دەزگاکاندا بێت، نازانن رەوتی جیهان بەگشتی بەرەو پێش دەچێت‌و ئەو رۆژنامانەی لەپێش 1995 دەرچوون زۆر جیاوازن لەو رۆژنامانەی دوای ئەو ماوەیە هاتوونەتە ئاراوەو دەرچوون بەردەوامیش رۆژنامەی تر دەردەچێت، مەبەستمان لێرەش جیاوازیە لەنێوان رۆژنامەی ئەهلی‌و رۆژنامەی حزبی‌و حکومی چونکە رۆژنامەی حزب‌و حکومەت پەیوەستە بەچەند پرەنسیپێك کە بۆی داڕێژراوەو ناتوانێت لێی دەرچێت بەڵام رۆژنامەی ئەهلی تەنها پەیوەستە بەراستیەکانەوە ئەگەر زۆرجار بیگەیەنێتە هۆڵی دادگاش.